ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**دروستکردنی ماڵپەرێکی بچووك.**

نووسەر: Awat Suleimanpoor
@: Awat.Suleimanpoor@Gmail.Com

لەم بابەتەدا چۆنیەتی دروستکردنی وێبگەیەکی بچووك شیدەکەمەوە، کە بەچەند هەنگاوێکی ئاسان جێبەجێ دەبێت.
بۆ دەست پێکردنی مالپەرەکە دەبێت پەرێک بکەیتەوە، من قەبارەی 700X760 پیکسڵم بە کار هێناوە.
چینێکی نوێ دروست بکە. بۆ دروست کردنی چینێکی نوێ پەنجە بنێ بە Ctrl+Shift+N، کە لایەرەکەت دروست کرد ئامرازی Marquee rectangular tool هەلبژێرە، چوارگۆشەیەک دروست بکە وەک ئەوەی لە وێنەکە دیارە.
تیبینی: چوارگۆشەکە زۆر لە سەرەوە دروست بکە چونکە دوایی بەشی سەرەوەی مالپەرەکە دوگمەی مالپەرەکەی لێ دادەنێین.



برۆ بۆ Edit > Stroke. وەک وێنەکەی خوارەوە رێکی بخە.




ئێستە هەندیک دووگمە بۆ وێبگە دروست دەکەین. پەنجە بنێ بە Ctrl+Shift+N بۆ دروست کردنی چینێکی نوێ. بە ئامرازی Rounded Rectangle tool دووگمەیەک وەک ئەمەی خوارەوە دروست بکە، (من radius 10 px م بەکارهێناوە).



کە دووگمەکەت دروست کرد دوایی برۆ بۆ Layer >rasterize > Shape پاشان ئامرازی Rectangular Marquee Tool هەڵبژێرە وە بەشێک لە دووگمەکە دیاری بکە وەک وێنەکەی خوارەوە.



ئێستە پەنجە بنێ بە دووگمەی Delete لە سەر تەختەکلیلی کۆمپیوتەرەکەت. وە پاشان پەنجە بنێ بە Ctrl+D.
دووگمەکەت لە بەشی سەرەوەی پەڕەکە دابنێ،



پاشان برۆ بۆ layer option وەوەک ئەم وێنانەی خوارەوە رێکیان بخە.










دووگمەکەت چەندجارێک duplicate - ڕوونووس بکە وە وەک وێنەکەی من ریکیان بخە.



پەنجە بنی بە Ctrl+Shift+N، بە ئامرازی Rectangular Marquee Tool لاکێشەیەک دروست بکە، سەی وێنەکەی خوارەوە بکە.



پەنجە بنێ بە Ctrl+N بۆ دروست کرد نی پەرێکی نوێ. قەبارەی پەرەکە (3x 3 pixels) بێت وە لە بەشی خوارەوە transparent document هەلبژێرە. پاشان OK کرتە بکە.
پەڕەیەکی زۆر بچوکت بۆ دەبێتەوە. تۆ بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوە ئەنجام بدەی دەبێت پەرەکە Zoom بکەی. من ئەوەندەم 1600 % Zoom کردوە.
بە ئامرازی Pencil tool شتێکی وەک ئەمەی خوارەوە دروست بکە.



برۆ بۆ Edit > Define Pattern وە خۆت ناوێکی بۆ دابنێ. پاشان کلیک لە سەر OK بکە.
ئامرازی Paint Bucket Tool هەلبژێرە، ئەو ئامرازەی کارێ رەنگی پێ دەکەی. لە بەشی سەرەوەی پرۆگرامەکە شتێک وە ئەم وێنەیەی خوارەوە دێتە سەرێ.




کە ئەم کارەی سەرەوەت جێبەجێ کرد. دواتر بر[سەر ئەم لاکێشەیەی کە دروستت کردبوو. کرتەیەک لە ناو لاکێشەکە بکە بۆ ئەوەی وەک وێنەکەی خوارەوەی لێبێت.



ئێستا دەتوانی وێنەیەک بۆ بەشی سەرەوەی وێبگەکەت بهێنی، من ئەم نەخشەیەی جیهانم داناوە.





بە ئامرازی Rectangle Tool سێ دانە چوارگۆشە دروست بکە.



لە سەر چوارگۆشەی یەکەم یەم کاریگەریانەی خوارەوە دابنێ.









لە سەر چوارگۆشەی دووەم ئەم کاریگەریانە دابنێ.










وە لەسەر چوارگۆشەی سێیەم ئەمانە.










بۆ بینینی ئەنجامی کارەکە لای من دەتوانی کرتە لە بەستەری خوارەوە بکەیت.
ئەنجامی کاری
کۆتایی.

Jan 2006 07

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت